ترەمپ: ئەمەڕ تاران چانسی دووەمی هەیە بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەسەر بەرنامەی ئەتۆمیەکەی

دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەمڕ هەینی ڕایگەیاند، مێژەتێکی 60 ڕۆژەی بە ئێران داوە و ئەمڕش 61هەمین ڕۆژە و دەشڵێت، "ئەمەڕ تاران چانسی دووەمی هەیە بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەسەر بەرنامەی ئەتۆمیەکەی".

دۆناڵد ترەمپ لە لێدوانێکدا ئەمەڕ هۆشداری بە ئێراندا کە "هەرشە پلان بۆ داڕژراوەکانی داهاتو هێندەی تر تووندتر دەبن" و ڕایگەیاند، "بڕێکی زۆر لە کوشندەترین چەکی ئەمریکی جیهان لە ڕێگادان بۆ ئیسرائیل، ئەو هەرشەی ئیسرائیلیش ئەنجامیدا، هەرشکی نایاب بو".
ترەمپ دەشڵێت، "من دەرفەت لە دوای دەرفەتمدا بە ئێران بۆ ئەوەی ڕێککەوتنێك ئەنجام بدات، 60 ڕۆژی لەبەردەمدابو، بەڵام ئێستا 61ەمین ڕۆژە، بە تووندترین زاراوەی پێم وتن، (تەنها بیکەن) و سەرەڕای هەمو هەوڵەکانیان و پەیوەندییە نزیکەکانیان، نەیانتوانی ڕێککەوتنێك بکەن".
ئەوەشیخستەڕو، "هۆشداری بە ئێران دراوە لەوەی چاوەڕێی دەکات زۆر خراپتر دەبێت"، جەختیشیکردوەتەوە کە "ئەمریکا باشترین و کوشندەترین چەك لە جیهاندا بەرهەم دەهێنێت،

هەروەها ئیسرائیل بڕکی زۆر لەو چەکانەی هەیە، لەگەڵ ئەوەی زیاتر لە ڕێگایە، ئیسرائیلییەکانیش زۆر باش دەزانن چۆن ئەو چەکانە بەکاربهێنن".

تەمپ داوای لە ئێران کرد بە خێرایی ڕێککەوتنێك ئەنجام بدات "پێش ئەوەی هیچ شتێکی نەمێنێت" و ئەوەی ماوەتەوە لەو شوێنەی کە سەردەمانێك بە "ئیمپراتۆریەتی فارس" ناسرابو، ڕزگار بکات.